# هۆکار و پاڵنەرەکانی ململانێی نێوان بەهای ئایینی و بەهای پارە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**ئارام علی فرج، ئامێز محمد فرج**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** کرداری کۆمەڵایەتی وەک بابەتی سەرەکی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا لە لایەن کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر)ەوە دەستنیشان کراوە. ڤیبەر بۆ تێگەیشتن لە ئەنجامدانی کرداری کۆمەڵایەتی گرنگی بە مانا-خودییەکانی کردار دەدات. لە کاتێکدا کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکۆت پارسۆنز)، کەکاری لەسەر تەواوکردنی تیۆرییەکانی ڤیبەر سەبارەت بە کرداری کۆمەڵایەتی کردووە، لەپاڵ مانا-خودییەکاندا گرنگی بە ئاراستەی پاڵنەر و بەهاکان داوە. کۆمەڵناسی ئیتاڵی (پاریتۆ)ش بۆ ڕوونکردنەوەی کرداری کۆمەڵایەتی کاری لەسەر نیشتوو و لێوەرگیراوەکان کردووە. لەپاڵ ئەوانیش سود لە چەمکەکانی منی بکەر و منی کۆمەڵایەتی (هێربەرت مید) بینراوە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری بۆچی بەهای ئایین و بەهای پارە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا بە شێوازی دژبەیەک دەردەکەون؟ کە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەیە. ئەنجامی گشتی توێژینەوەکەش ئەوەیە، کە هێزی بەهای پارە هاوشێوەی بەهای ئایینی ڕۆڵی هەیە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا.

**کلیلە ووشەکان-** هۆکار و پاڵنەرەکان، ململانێی بەهاکان، بەهای ئایینی، بەهای پارە، کرداری کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

کرداری کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دیاردەیەکی ئاڵۆز دەکات، کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک جار بە مەبەستی تایبەتەوە کردار ئەنجام دەدەن و بنەما هزرییە هۆشیار و مەبەستدارەکان ڕێنمایی کردارەکە دەکەن، لە هەندێک کاتی دیکەدا کردارەکان ڕێنمایی هۆشیاریان نییە و لە هەستی سۆزداری و پاڵنەرە ڕەمەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک دێت، لە بەشی یەکەمدا ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و ڕوانگە تیۆرییەکان خراونەتەڕوو، لە بەشی دووەمدا گفتوگۆی ڕوانگە تیۆرییەکانی کردای کۆمەڵایەتی کراوە و ئەنجامەکان ڕوونکراونەتەوە، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان دانراون.

## بەشی یەکەم

## ڕەگەزەکان و ڕوانگە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

1. **کێشەی توێژینەوەکە:**

ئایین و پارە وەک دووهێزی کارا لە کۆمەڵگادا کار دەکەن، بەهاکانیشیان بەشێکی سەرەکی لە کرداری کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن. لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەو هێزە کارایەیی پارە هەم وەک ئامراز و هەم وەک ئامانج لە کردارە ئایینییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەربۆیە ئەنجامدانی سروتە ئایینییەکانی وەک حەج، عەمرە، دروستکردنی مزگەوت، خێر، کە بەهای ئایینی تایبەتی هەیە لای بکەرە ئایینییەکان پێویستی بە پارەیە ئەوەش گرفت لە چۆنییەتی ئەنجامدانی سرووتە ئایینییەکان و پڕکردنەوەی پێداویستییە ئایینی و ڕۆحیەکەندا درووست دەکات، چونکە لە هەندێک بارڕودۆخدا ئەنجامدانی ئەو سروتە ئایینیانەی، کە پێویستان بە دەستکەوتنی پارە هەیە لەگەڵ هەندێک لە بەها ئایینەکان دژبەیەک دەردەکەون. لێرەوە پرسیاری توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بۆچی بەهای ئایینی و بەهای پارە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا بە شێوازی دژبەیەک دەردەکەون؟ پەیوەندی ئەو دژبەیەکییە بە کرداری کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاگامەندی و نائاگاییدا چییە؟

2. **گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە لە زیادکردنی مەعریفەی ئەکادیمیدا خۆی دەبینێتەوە، لەبارەی دوو کایەی گرنگی وەک ئایین و پارە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا، لەهەمان کاتدا سود و گرنگی هەیە بۆ توێژەر و خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی لە بواری کرداری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی ئایین و پارەدا.

3. **ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوە زانستییەکان زاڵبوونە بەسەر ئەو نەزانییەی، کە دەربارەی بابەتی توێژینەوەکان بوونیان هەیە (Wilholt, T. 2020: 196). ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە زانینی:

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp189-197

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 29 حزيران 2025؛ قُبل في 24 أب 2025؛ نُشرت في 21 أيار 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: amez.s.r@outlook.com, aram.faraj@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر@ 2026 ئارام على فرج، ئامێز محمد فرج. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0 - النسبية CC BY-NC-ND 4.0

1. شیکردنەوەی ململانێی دژبەیەکی نێوان بەهای ئایین و بەهای پارە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا.
2. لێکدانەوەی کرداری کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاگامەندی و نائاگاییدا.

### 4. میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدەکان ئاماژە بە کۆکردنەوەی تەکنیکی تایبەت دەکەن، کە لە توێژینەوەیەکەدا بەکار دەهێنرێت بۆ دیاریکردنی کێشەکان و پێوانەکردن و چاودێریکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆکردنەوە و پوختەکردنی داتا و شیکارکردنی داتا و نووسینی ڕاپۆرت لەسەر ئەنجامەکان (Lawrence Neuman, 2014: 2). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مەکتەبی شیکاری بەکارهاتووە.

## دووەم/ ڕوانگەی تیۆری کرداری کۆمەڵایەتی:

### 1. ڤێبەر و جۆری نموونەیی کرداری کۆمەڵایەتی:

یەکێک لە دیارترین ئەو کۆمەڵناسانەی، کە لەناو ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا کاری لەسەر کرداری کۆمەڵایەتی کردووە، کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر١٨٦٤-١٩٢٠ Max Weber)ە. ڤێبەر پێناسەی کۆمەڵناسی و کرداری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە کردووە: "زانستێکە هەوڵی تێگەیشتن و لێکدانەوە لە کرداری کۆمەڵایەتی دەدات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بگاتە ڕوونکردنەوەیەکی هۆکاریانە بۆ ڕێڕەو و کاریگەرییەکانی کرداری کۆمەڵایەتی". لەو چوارچێوەیەدا کرداری کۆمەڵایەتی هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت تا ئەو کات و شوێنەی تاکی بکەر مانایەکی خودی بە کردارەکە دەدات. بە مانایەکی دیکە دەکرێت کردار مانایەکی ئاشکرا و دەرەکی یان شاراوە و ناوەکی (خودی) هەبێت. هەروەها دەکرێت کردار لە دەستێوەردانی ئەرێنی لە دۆخێکدا، یان بە مەبەست خۆ بەدوورگرتن لەو دەستێوەردانانە یان بە شێوەیەکی ناچالاک ڕازیبوون بەو دۆخە پێکبێت. کردار تا ئەو شوێنە کۆمەڵایەتییە، کە ئەو تاکانەی کردارەکە ئەنجام دەدەن مانایەکی خودی بە کردارەکە دەدەن و ڕەفتاری ئەوانی دیکەش لەبەرچاو دەگرن (Weber, 1947: 88).

ڤێبەر جیاواز لە کۆمەڵناسەکانی پێش خۆی بە نموونە (ئیمێل دۆرکهایم Emile Durkheim، کارڵ مارکس Karl Marx) گرنگی تەواوی بە بابەتی بەها و کرداری کۆمەڵایەتی داوە. دۆرکهایم بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان داوە، کە پارێزگاری لە یەکڕیزی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. مارکس زیاتر دەستی بۆ ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دەبرد، بەڵام ڤێبەر زیاتر جەخت لەسەر ئەو مانا خودییانە دەکاتەوە، کە بکەرەکان دەیدەنە پاڵ کردارەکانیان و ئاڕاستەکانی وەرگرتنیان بەرانبەر ئەو کردانە لە چوارچێوەی زەمینە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتە ژێر تاووتوێکردنەوە. هەربۆیە بەبڕوای ڤێبەر کردارێک، کە بەدووربێت لە مانا خودییەکانەوە، دەکەوێتە دەرەوەی پانتایی کاری کۆمەڵناسییەوە (کۆزەر، ٢٠٢٣: ١٢٤).

ڤێبەر چوار جۆری نموونەیی کرداری کۆمەڵایەتی لەیەکدی جیاکردۆتەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە هەرچەندە ڤێبەر جیاوازی لە نێوان چوار جۆری نموونەیی کرداردا کردووە، بەڵام خۆی ئەوەی باش دەزانی، کە دەکرێت هەر کردارێکی دیاریکراو بەزۆری تێکەڵەی هەر چوار جۆری کرداری نموونەیی لەخۆ بگرێت (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 127). گرنگی ئەو جیاکارییەش لە دەرخستنی هۆکاری زاڵی ئەنجامدانی کردارەکاندا دەردەکەوێت. واتە ئاسانتر ئەو پاڵنەر و بەهایانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە لە پشتی ئەنجامدانی کردارەکانەوەن. لەو چوارچێوەیەشدا ئەو مانایانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بە کردارەکانی دەبەخشن. بە کورتی ڕەگەزەکانی جۆرەکانی کرداری کۆمەڵایەتی لای ماکس ڤێبەر ئەمانەن: یەکەم، کرداری هزری ئامڕازی بە لەبەرچاوگرتنی ئامانج: لەم جۆرەدا بکەر پێشبینی ڕەفتاری بابەتەکانی ژینگەی دەرەکی دەکات، یاخود ڕەفتاری کەسانی دیکە دیاری دەکرێت لەلایەن بکەرەوە، خاڵی سەرەکی جیاکەرەوەی ئەم جۆرە ئەوەیە بکەرەکە بەڕوونی پەی بە ئامانجێکی دیاریکراو دەبات، کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، ئامڕازی گونجاویشی هەیە بۆ بەدەستهێنانی. دووەم، کرداری هزری بەهایی: لەم جۆرەدا مەبەستی کردار بەدەستهێنانی ئامانجێکی سەرەکی دیاریکراو نییە لای بکەری کۆمەڵایەتی، هێندەی ئەوەی، کە لەمیانەی بیروباوەڕێکی دیاریکراو بەدەست دێت. واتە کاتێک بکەر بە شێوەیەکی هزری ڕەفتار دەکات لە پێناو ئامانجێکی هزری، یاخود بەرژەوەندییەکدا نییە، بەڵکو لەپێناو دڵسۆزیدایە بۆ بیرۆکەیەک یاخود بەهایەکی پایەدار لای خۆی. سێیەم، کرداری سۆزداری: ئەم جۆرە ئەو کردارە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای حاڵەتی هەستی تایبەت دروست بووە، کە بکەرەکە تێیدا دەژی. بەشێوەیەک مرۆڤ ئامڕازەکان لەسەر بنەمای پەیوەستیان بە ئامانج و بەهاکان هەڵنابژێرێت، بەڵکو کردارەکە لە حاڵەتێکی هەڵچوونی سۆزدارییەوە سەرچاوە دەگرێت. چوارەم، کرداری نەریتی: سەرچاوەکانی ئەم جۆرە کردارە لە داب و نەریتەوە سەر هەڵدەدەن، بە شێوەیەک دەبێتە شتێکی ئاسایی و جێگیر بۆ مرۆڤ، هەروەها ئەم جۆرە کردارە نا ئیرادییە، چونکە وەک مەرجێک بەسەری مرۆڤدا سەپێنراوە (ئەبراش، ٢٠١٣: ١٧٣-١٧٤).

ڤێبەر ئاماژە بە دوو ئاست دەدات بۆ تێگەیشتن لە کردارە کۆمەڵایەتییەکان. یەکەم، تێگەیشتنی هۆکارییانە، کە لەسەر باوەڕێک هەڵچنراوە، بە پێی ئەو باوەڕە کردارە کۆمەڵایەتییەکان ناگەڕێنەوە بۆ هۆکاری ڕێکەوت یان هەڕەمەکی، بەڵکو کردارە کۆمەڵایەتییەکان لەناو سیستم و زنجیرەیەکی هۆکارەکیدایە، کە دەکرێت لە ڕێگەی میتۆدی تێگەیشتنەوە لێی تێبگەین. دووەم، وەک پێشتریش ڕوونکرایەوە تێگەیشتنە لە مانا، لەم ئاستەدا ناتوانین لە ڕێگەی تێبینی و ڕاڤەی دەرەکییەوە لە کردارەی کۆمەڵایەتی تێبگەین، چونکە بەو ڕێگایە تێگەیشتنەکەمان دەبێت بە ڕواڵەتی، بەڵکو دەبێت جەخت لەسەر تێگەیشتنی خودی بکرێتەوە (السماطوطی، ٢٠٢٢: ٤٣). پوختەی تیۆری ماکس ڤێبەر لەسەر کرداری کۆمەڵایەتی لە دیدی خۆیەوە ئەوەیە، کە پێویستە مرۆڤ لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئامانجە بەهاییانەدا هەڵسوکەوت یاخود کارلێک بکات، کە خۆی پێیان ڕازییە، هەروەها پێویستە لەسەر بکەری کۆمەڵایەتی پێش هەموو ئەو شتانە و دوای ئەوانیش، هۆشیار بێت بە هەموو ئامانج و ئامڕازەکانی ئەو واتا و بەهایانەی، کە ڕەفتارەکانی دەگرنە خۆ (ئەلفەوال، ٢٠٢٠: ١١٨).

بێگومان هزریەتی ئامڕازی لەگەڵ گونجاندنی ئامڕاز و ئامانج و کێشکردنی تێچوون و قازانج توخمێکی گرنگی کرداری کۆمەڵایەتییە، بەڵام شتێکیش نییە کە نەتوانین بەبێ هزرییەتی ئامڕازی بژین و کار بکەین. بۆیە ڤێبەر نیگەرانە لە داهاتوویەک، کە تیایدا کرداری بەهای هزری و باوەڕی کەسی پاشەکشێ دەکات و ژیانی تاکەکان تەنها لەسەر بنەمای ژماردنی سوود بەڕێوە دەچن (Royce, 2015: 188). واتە بەها مرۆیی و کەسییەکان گرنگیان کەم دەبێتەوە و بەهایی ماددیی و پارە جێگەیان دەگرێتەوە.

### 2. پارسۆنز و ئاڕاستەی پاڵنەر و بەهاکان:

دوای ڤێبەر کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکۆت پارسۆنز ١٩٠٢-١٩٧٩ Talcott Parsons) لەپاڵ گرنگی ڕۆڵی پاڵنەرەکان باس لە گرنگی و ڕۆڵی بەهاکان دەکات

له ڕێخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی و کرداری کۆمەڵایەتیدا. پارسۆنز بەهۆی کاریگەرییە بەهێزەکەی (ماکس ڤیبەر)ەوە لەسەر ڕوانگەکانی، کرداری کۆمەڵایەتی بە بابەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵناسی دەزانێت و لای ئەو سەرەکیترین کرداری کۆمەڵایەتی، بریتییە لە کرداری گەیاندنی مانا، واتە گەیاندنی سیمبول و زانیاری (کریب، ٢٠٠٨: ٧٣). پارسۆنز لە ساڵی (1937) (کتێبی پێکهاتەی کرداری کۆمەڵایەتی) بڵاوکردەوە و تیایدا تیۆرێکی زۆر ئاڵۆزی کرداری کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو. هەر لەو کتێبەدا لەبارەی کرداری کۆمەڵایەتییەوە دەڵێت: "کرداری کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی ئاگامەندانەیە" (تیماشیف، ١٩٧٨: ٣٥٥). پاشان ئاماژە بەوە دەکات، کە خاڵی دەستپێکی بنچینەیی بۆ بونیادنانی هەر تیۆریەکی زانستی دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی ئەبستراکتە و لە توێژینەوەی زانستی کرداری کۆمەڵایەتیدا بنەمای ئەزموونی چوارچێوەی سەرچاوەیی بریتییە لە کۆمەڵێک کەسی کارلێکەر، واتە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان (Hier, 2005: 8). لەگەڵ بارودۆخی کردار و ئاڕاستەی بکەر بۆ ئەو بارودۆخە. لەو چوارچێوەیەدا بکەرە کۆمەڵایەتیەکان دەیانەوێت هەندێک ئامانجی تایبەت بەدەست بهێنن، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش دەبێت سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن، کە لە ژێر کۆمەڵێک بارودۆخدا دێنە بەردەم بکەرەکان **(Parsons, Shils, 1951: 56)**. پارسۆنز لەوەدا ڕوون بوو، کە هەرچەندە مرۆڤ پێداویستی بنەڕەتی ئۆرگانیکی هەیە، واتە پێداویستییە ڕەمەکییەکان، بەڵام ناتوانرێت پاڵنەرەکانی کرداری کۆمەڵایەتی لە پێداویستییە جەستەییە بنچینەییەکانی مرۆڤدا کورت بکرێنەوە. لەکاتی بڕیاردان لەسەر ڕێڕەوی کارکردن، واتە بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخێک، تاک لەوانەیە یەکێک یان زیاتر لە توخمەکانی کرداری سەرەکی لەبەر ڕۆشنایی پێکهاتەی کەسایەتی لەبەرچاو بگرێت، هەروەها ڕازیبوون بەوەی  پێشبینی دەکرێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان لە داهاتوودا لەدەستی بدات (Hier, 2005: 8).

لەلایەکی دیکەوە بە بڕوای بارسۆنز کردارە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی ئاراستەی پاڵنەر و بەهاکاندا ڕوودەدەن. پلەی ئارەزووی تاک بۆ شتێک لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە دەربارەی ئەو شتە دیاریکراوە دەیزانێت، ئەو خاڵەی، کە پارسۆنز دەیەوێت بیخاتە ڕوو ئەوەیە، کە ناتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە لە بارودۆخی بکەر تێبگەین، ئەگەر لە دەرەوەی ئاراستە پاڵنەرەکان و ئاڕاستە بەهاییەکانەوە سەیری بکەین (Hier, 2005: 8-9). پێویستە لەوە تێبگەین، کە ئاڕاستەکردنی پاڵنەرانە پەیوەندییان بەو وزەیەوە هەیە، کە لە کردارەکەدا بەکاردەهێنرێت (ئەلفەوال، ٢٠٢٠: ١٥٦). ئەم پاڵنەرانە بە سێ تایبەتمەندی دەناسرێتەوە. یەکەم، دۆخی پەیپێبردنی پاڵنەرانە: بەرانبەرە لەگەڵ ئەوەی بکەر لە هەڵوێستەکەدا پەی پێدەبات، لە میانەی سیستمی ئامادەباشی پێداویستییەکانی. دووەم، دۆخی هەڵچوونی پاڵنەرانە: ئەو پڕۆسەیە لەخۆ دەگرێت، کە بکەر لەمیانەیەوە گوزارشت لە سۆز و هەڵچوونەکانی دەکات لەبەرانبەر شتێکی دیاریکراودا. سێیەم، دۆخی هەڵسەنگاندنی پاڵنەرانە: لێرەدا بکەر هەوڵەکانی بەسەر چەند بایەخدانێکی جیاوازدا دابەش دەکات، کە پێویستە بەشێکیان هەڵبژێرێت (تیماشیف، ١٩٧٨: ٣٥٦). ئاڕاستەکردنی بەهاییەکانیش ئاماژە بە لەبەرچاوگرتنی چەند بەها و پێوەرێک دەکات، کە کۆمەڵگا پشتیان پێدەبەستێت و جیاوازن لەو پێداویستیانەی، کە لە ئاڕاستە پاڵنەرەکاندا بوونیان هەیە (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٤٧٨). ئەمیش بە سێ تایبەتمەندی دەناسرێتەوە. یەکەم، دۆخی پەیپێبردنی بەهایی: پابەندبوونی جۆراوجۆر بە پێوانە گشتییەکان لەخۆدەگرێت، کە بەهۆیانەوە درووستی بڕیاری مەعریفی دەسەلمێنرێت. ئەم پێوانانە ئەوانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە پەیوەندی زانیاری و گرنگی کێشە جۆراوجۆرەکان. هەروەها ئەو پۆلێنانە لەخۆ دەگرن، کە زۆرجار لە پێکهاتەی زماندان و بەهۆیانەوە تێبینی و کێشەکان، زۆرجار بەبێ ئاگایی بە درووستی هەڵدەسەنگێنرێن. دووەم، دۆخی پێوانەیی بەها: بریتییە لە پابەندبوونی جۆراوجۆر بە پێوانە گشتییەکان، کە بەهۆیانەوە لەباری یان گونجاویی بیروهۆش خستنە سەر بابەتێک یان چەند بابەتێک هەڵبسەنگێنرێت. ئەم پێوانانە هەندێک جار بە نموونەیەک دادەنرێن بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە سوپاسگوزاری. سێیەم، دۆخی ئەخلاقی بەها: بریتییە لە پابەندبوونی جۆراوجۆر بە پێودانگە گشتییەکان، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت دەرەنجامی دیاریکراوی کردارێک یان جۆری کردارەکان هەڵبسەنگێنرێت بە گوێرەی کاریگەریەکانیان لەسەر سیستمەکانی کارکردن. ئەم پێوانانە ڕێنمایی بکەر لە هەڵبژاردنەکانیدا دەکەن، بە مەبەستی ئەوەی چۆن دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە کاریگەریان دەبێت لەسەر یەکخستنی سیستمی کەسایەتی خۆی و یەکخستنی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیانەی، کە ئەو تێیدا بەشدارە **(Parsons, Shils, 1951: 60)**.

### 3. پاریتۆ و کرداری لۆجیکی و نالۆجیکی:

کۆمەڵناسی ئیتاڵی (ڤیلفرێدۆ پاریتۆ Vilfredo Pareto ١٨٤٨-١٩٢٣) یەکێکی دیکەیە لەو کۆمەڵناسانەی، کە کاری لەسەر کرداری کۆمەڵایەتی کردووە، لای ئەو کرداری کۆمەڵایەتی دوو جۆر ڕەفتار یاخود کردار لەخۆدەگرێت. یەکەمیان کردارەی لۆجیکییە و لە جێبەجێکردنی شێواز یاخود میتۆدی لۆجیکی پێکدێت، کە پشت بە بەکارهێنانی زانیاری زانستی و بەڵگەی دروست لە هەڵبژاردنی ئەو ئامڕازانەدا دەبەستێت، کە دەیانگەیەنێتە ئامانجەکانیان. دووەمیان کرداری نالۆجیکییە و چەند مەرجێکی تێدایە لەوانە: "پشت بە گریمانەی ناڕاست و نا زانستی دەبەستێت و تیایدا بکەرە کۆمەڵایەتییەکە گرنگی بەو کردانە نادات، کە لەبەرانبەر کەسانی تردا ئەنجامی دەدات، هەروەها پاڵنەرەکانی کردارەکە لای بکەرە کۆمەڵایەتییەکە نەزانراون و ڕوون نین، هەربۆیە دەرئەنجامی کردارە کۆمەڵایەتییەکەش وەک ئەو گریمانانە دەرناچن، کە بکەرەکە دایناون" (ئەلفەوال، ٢٠٢٠: ١٠٥-١٠٦).

پاریتۆ لە کتێبەکەی (هزر و کۆمەڵگا)دا دەڵێت: "ڕوانگەی باو ئەوەیە، کە ڕەفتاری مرۆڤ وەک یاسایەک پەیوەستە بە لێوەرگیراوەکان (Derivation)ەوە، تا ڕادەیەکیش هەندێک جار بە هەستەکانەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە لێوەرگیراوەکان بە گشتی بەهۆی هەست و ڕەفتارەوە دروست دەبن" (Pareto, 1935: V.). لەگەڵ ئەوەشدا پاریتۆ لە جیاوازی نێوان کرداری لۆجیکی و نا لۆجیکیدا، گرنگیەکی تایبەت بە کرداری نالۆجیکی دەدات و پێیوایە کرداری نالۆجیکی پەیوەستە بە پاڵنەرە سروشتییەکانی مرۆڤەوە و لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە پاڵنەرەکانیش ناو دەنێت نیشتووەکان (Residue)، نیشتوەکانیش توخمە بنچینەییەکانی کردارەکانی مرۆڤ و بزوێنەری کۆمەڵایەتین. لەبەر ئەو گرنگەیی ڕەفتاری نالۆجیکش لە هەمان کتێبدا دەڵێت: "بە پێچەوانەی زۆرێک لە تیۆرییە کۆمەڵناسیەکان، کە یان سوکایەتی بە کردارە نالۆجیکییەکان دەکەن یان پشتگوێی دەخەن یان لە هەوڵدان بۆ بچووککردنەوەی هەموو ڕەفتارەکان بۆ لۆجیک و گرنگییەکی ئەوتۆ بە کرداری نالۆجیکی نادەن. ئێمە بۆ لابردنی ئەو دەمامکانەی، کە لەسەر ڕەفتاری نالۆجیکی ڕوویان داوە، هەوڵدەدەین ئەو شتانە ئاشکرا بکەین، کە لەبەرچاوی مرۆڤدا نادیارن. هەروەها ئەمە دژایەتی زۆرێک لەو تیۆریانە دەکات، کە لە فۆرمە دەرەکییەکانی لۆجیکیدا دەوەستن" (Pareto, 1935: 171).

لێوەرگیراوەکانیش لە تیۆرەکەی پاریتۆدا شتانێکی نا جێگیر گۆڕاون، لە کاتێکدا نیشتووەکان شتگەلی جێگیر و چەسپاون. دەکرێت لێوەرگیراوەکان وەک بەرئەنجامێکی لاوەکی ئەو چالاکییە مرۆییەی لەو خواستەوە سەرچاوە بگرێت، کە پێداگری لەسەر بەخشینی ڕاڤەکارییەکی لۆجیکی دەکات بە ڕەفتار، ئەو خواستەی باریتۆ بە یەکێک لە

ڕەگەزە سەرەکی و جێگیرەکانی هزری کۆمەڵایەتی مرۆیی هەژماری دەکات (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٣-٣٧٤). بەهۆی ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیان لە سروشتی مرۆڤدایە، بۆیە بە ئاسانی بە هۆکاری دەرەکی یان پرۆسەی هزری ناگۆڕدرێن. هەروەها ئەو خواستەشە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە. واتە ئاژەڵ لێوەرگیراوی نییە و پاساوی لۆجیکی ناوێت بۆ تێرکردنی ڕەمەکەکانی و ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی، بەڵام هەندێک بنەمای ڕەفتاری نالۆجیکی هەیە، کە مرۆڤەکان یاساکانی لێ دەردەهێنن. بنەماکانی ڕەفتاری نالۆجیکی یان نیشتووەکان پەیوەندیان بەو بارودۆخانەوە هەیە، کە مرۆڤ تێیدا دەژی و لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا پاساوەکانیش دەگۆڕێت ( Pareto, 1935: 247).

سەبارەت بە سۆزەکان، پاریتۆ بەشێوەیەکی ناڕوون سۆز بەکاردەهێنێت. هەندێک کات مەبەستی لە تایپە شاراوەکانی هەست و وەڵامدانەوەیە، هەندێک جاریش مەبەستی لەو ڕەگەزانەی هزرە، کە هەڵچوونیان زیاترە و هزرمەندیان کەمترە، ئەو ڕەگەزە شاراوانەی بە ڕێگایەکی نەستی گوزارشت لە خۆیان دەکەن. لە پەیوەندیشدا بە نیشتووەکانەوە پاریتۆ دەڵێت: "نیشتووەکان ڕووکارگەلی سۆزەکانن، لێ سۆزەکان هەستگەلی بێگەرد و ساکارن، لە کاتێکدا نیشتووەکان شتگەلی تێکەڵن هەندێک جار لەگەڵ هەڵچوون و هەندێک جاری دیکەش لەگەڵ تێگەیشت و پەیپێبردندا" (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٣-٣٧٤). لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵناسی ئەڵمانی-ئەمەریکی (لویس کۆزەر ١٩١٣-٢٠٠٣ Lewis Coser) سەبارەت بە شەش جۆری سەرەکی نیشتووەکانی پاریتۆ لە کتێبەکەیدا (هزری گەورە کۆمەڵناسان)دا دەڵێت: "هەرچەندە مرۆڤ ژمارەیەکی بێسنوور و جۆراوجۆر لە لێوەرگراوەکانیان بەکارهێناوە بۆ پاساو هێنانەوە یان لۆجیککردنی کردارەکانیان، بەڵام پاریتۆ دەڵێت: "شەش چین نیشتووەکان بە درێژایی مێژووی ڕۆژئاوا بە نەگۆڕی ماونەتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، ئەو پێشبینی دەکات، کە پۆلە سەرەکییەکانی نیشتووەکان نزیکن لە هەندێک بنچینەی مرۆیی وەک ڕەمەکەکان یان ئارەزووەکانەوە" (Coser, 1971: 392). شەش پۆلی نیشتووەکانیش بەم شێوەیەن:

یەکەم، ڕەمەک بۆ ڕێکخستن و یەکگرتن: ئەم نیشتووە ڕەنگدانەوەی مەیلی مرۆڤە بۆ داهێنان و ڕێکخستن و تێکەڵکردنی توخمەکان بە شێوازی ڕۆمانسی. داهێنان و چارەسەرکردنی کێشە و دروستبونی بیرۆکە یان سیستمی نوێ دەباتە پێشەوە. لە کۆمەڵگادا ئەمە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و سیستمی ئابووری و دەربڕینی هونەریدا دەردەکەوێت. بەم شێوەیە ئەم ئاڕاستەیە ڕووەو ئەزموونکاری دەڕوات، بەڵام خۆی لە تەواوی ئەو جادوو و خورافە و تەواوی ئەو پرۆسانەدا بەرجەستە دەکات، کە پشت بە یاساگەلی هزری نابەستن. دووەم، (بەردەوامبوونی گروپ و کۆمەڵ): ئەم نیشتووە نوێنەرایەتی مەیلی پاراستنی گروپ، پێکهاتە، یان نەریتەکانی ئێستا دەکات. پەیوەندی بە پاراستنی ئەو شتانەوە هەیە کە پێشتر دامەزراون، وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، داب و نەریت، یان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕۆڵیان هەیە لە سەقامگیری کۆمەڵگا و بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان. لەکاتێکدا نیشتووەکانی چینی یەکەم بەرەو داهێنان و گۆڕانکاری دەڕۆن، نیشتووەکانی چینی دووەم ڕووەو کۆنەپارێزی ڕێدەکەن، بەڵام ڕێژە و بڕی ئەم دوو چینەی نیشتووەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازن (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٨). سێیەم، پێویستی دەربڕینی هەستەکان بە کرداری دەرەکی (چالاکی و دەربڕینی خود): ئەمەش بریتییە لە خواستی دەرەکیکردنی هەستەکان، بیروباوەڕەکان، یان دەربڕینی هەستەکان لە ڕێگای کردارەکانەوە. نموونەکان بریتین لە ڕێوڕەسمەکان، هونەر، ئاهەنگەکان، سرووتەکان یان کردارە سیمبولییەکانی دیکە. نیشتووەکانی ئەم چینە تەواوی ئەو چالاکییە کارا و دیارانە دەگرێتەوە، کە جیاوازن لە چالاکییە نادیارەکان. ئەم چالاکییانەش لە وزەیەکی پاشەکەوتکراوی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو وزەیەی دەیەوێت بە ئازادییەکی تەواوەوە بێتە دەرەوە و گوزارشت لەخۆی بکات. چوارەم، نیشتووی پەیوەست بە لایەنی کۆمەڵایەتی: ئەم نیشتووە پەیوەندی بە پێویستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەوە هەیە. هەستکردن بە هاودەنگی و هاوسۆزی و هاوکاری لەخۆدەگرێت، کە مرۆڤەکان لە گروپ یان کۆمەڵگادا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها جەخت لەسەر مەیلی مرۆڤ بۆ بەهادان بە پەیوەندییە گرووپی و کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە. پێنجەم، سەربەخۆیی تاک و لایەنگرانی خود: پێویستی سەربەخۆیی و ڕێزگرتن لە خود و پاراستنی سەرچاوە یان لێهاتووی مرۆڤ لەخۆدەگرێت. تیشک دەخاتە سەر گرنگی تاکایەتی و سنووری کەسی (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٩). هەروەها هەموو ئەو پەیڕەوانەی قوتابخانە جیاوازەکان، کە پێویستیان بە پاراستنی تەواوێتی کەسایەتییان هەیە و ڕێزی خۆیان دەپارێزن، نیشتووەکانی ئەم چینە ڕەفتاریان ڕوون دەکاتەوە. شەشەم، نیشتووی سێکسی: ئەم نیشتووە تایبەتە بە ڕەمەک و هەستەکانی پەیوەست بە سێکس و زاوزێ. پاریتۆ دەڵێت ئێمە بایەخ بە کاریگەری ئەم ئارەزووە دەدەین لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و نموونەکانی ڕەفتار و کارلێکەکان (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٩). بە واتایەکی دیکە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە چۆن جوڵەی سێکسی کاریگەری لەسەر کارلێکەکانی تاک و لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە. شێوازەکان و مۆدەکان و تیۆرییە ئەخلاقییەکان دەربارەی بواری سێکسی زۆر جیاوازن، هەروەها دەرکەوتەکانیشی جیاوازن، بەڵام ناوەڕۆکی سێکسی هاوشێوەیە و چوونیەکن (Coser, 1971:391). واتە سێکس لای هەمووان بنچینەیەکی سروشتی هاوبەشی هەیە، بەڵام ئەوە مرۆڤە مانا و شێوەی جیاواز دەدات بە سێکس و بە شێوازی جیاواز ئەو ڕەمەکەی تێردەکات.

پاریتۆ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە هۆکاری ڕاستەقینەی کردارەکان دەبێت لە نەگۆڕی نیشتوویەکدا بدۆزرێتەوە، کە لە ژێر لێوەرگیراوە جیاوازانەدا ئامادەییان هەیە. تیۆری نیشتووەکانی پاریتۆ نەک تەنها وەک ڕێگایەک بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆرییەکان و سیستمەکانی باوەڕ، بەڵکو وەک ئامرازێکیش بۆ ڕوونکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. وەک داینەمیکییەتی مێژووش خزمەتی کردووە. هەروەها پاریتۆ هەوڵ دەدات نیشانی بدات، کە چۆن دابەشبوونی نیشتووەکان لەناو دانیشتوانێکدا تەنها پەیوەندی بە سیستمی باوەڕی و ژیانی ڕۆشنبیرییەوە نییە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر پەیوەندی بە دۆخی سیاسی و ئابوورییەوە هەیە ( Coser, 1971:393-395).

### 4. مید و منی بکەر و منی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵناسی ئەمریکی (جۆرج هێربێر مید ١٨٦٣-١٩٣١ Gorge Herbert Mead) یەکێکە لەو زانایانەی، کە کاریگەربووە بە قوتابخانەی پراگماتیستی. پراگماتیستەکان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگا دەڵێن، ناکرێت لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا جیاوازی مانادار هەبێت. ئەوە ڕوونە، کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا لە دایک دەبن و شێوە وەردەگرن، بەڵام بەهەمان شێوە کۆمەڵگا لە تاک و کردارەکانی تاکەوە درووست دەبێت. ئەگەر جگە لەمە پێناسەی دیکە بکەین، ئەوا کۆمەڵگاکەمان بۆشتێک گۆڕیوە، کە هیچ واقعیێتێکی دەرەکی نییە و مرۆڤەکان دەخەینە دۆخی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاوە، کە بەڕاستی توانای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگایان نییە (ئەدیبی، و ئەنساری، ٢٠٢٤: ٢٦٧). کاتێک هەردوو چەمکی کۆمەڵگا و تاک وەک دوانەیەکی تەواوکەری یەکدی دەبینین، ئەوکات هێزی تاک لە بەردوامیدان بە نۆرم و بەها ئایینی

کۆمەڵایەتییەکان و هێزی کۆمەڵگاش لەسەر تاک بۆ بەردەوامیدان بەو نۆرم و بەهایانە دەبینین، واتە چۆنییەتی توانای تاکەکانی کۆمەڵگامان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە بەردەوامیدان بە دۆخی باو یان گۆڕینی ئەو دۆخە یان خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

مید دابەشکاری دەکات لە نێوان منی بکەر (I) و منی کۆمەڵایەتی (ME)یدا، کە دوو بەشی خود (Self) پێک دەهێنن، لەگەڵ هزر (Mind) و کۆمەڵگا (Society)دا. سەبارەت بە هزر مید دەیویست ئەوە دەربخات، کە هزر هەستی وەڵامدەرەوەیە و دەتوانێت وەک پاڵنەری ماددی، کردار بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هاوشێوەی پارسۆنز، کە پێیوابوو سیستمی کەسێتی، لایەنی ئۆرگانی و بایۆلۆجی و لایەنی دەروونی تاک دەگرێتەوە، بە واتایەکی دیکە لایەنی جەستەیی و هزری تاک دەگرێتەوە، مید پێیوایە ناکرێت ئەو دوو لایەنە لە کرداردا لێک دابڕێن. بۆیە ڕەخنەی توند لەو تیۆرانە دەگرێت، کە هەوڵی جیاکردنەوەی جەستە لە ئاگایی دەدات. هەروەها هەموو ئەو بارودۆخە سۆزداری یان جەستەییانەی، کە پەیوەندیان بە وەڵامەکانی جەستەوە هەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیان بە هۆشیارییەوە هەیە (دیلانی، ٢٠١٧: ٢٧٩). بە واتایەکی دیکە پڕۆسەیەکی هزرین، بەڵام ڕەنگە ئەو پڕۆسە هزرییە لەگەڵ نۆرم و بەهاکاندا یەکنەگرێتەوە، نا لۆجیکی یان نا هۆشیارانە دەربکەون، یاخود دیوێکی شاراوە و نادیاری هەبێت. سەبارەت بەو پەیوەندییە جۆرج ریتزەر دەڵێت: "بۆ مید و هاوەڵانی کارلێکی سیمبولی و تیۆریناسانی سیستم، هۆشیاری لە کردار و کارلێک جیا ناکرێتەوە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە هەردووکیان" (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 334). هەروەها بۆ مید، کۆی لایەنی کۆمەڵایەتی پێش هزری تاک دەکەوێت هەم لە ڕووی لۆجیکی و هەم لە ڕووی کاتی دەستپێکەوە. لە تیۆری میددا تاکێکی بیرکەرەوە و خود هۆشیار، لە ڕووی لۆجیکیەوە مەحاڵە بوونی هەبێت بەبێ گروپێکی کۆمەڵایەتی پێشوەخت. واتە گرووپی کۆمەڵایەتی لە پێشینە دێت و دەبێتە هۆی گەشەکردنی دۆخی دەروونی و خود هۆشیاری (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 355). بە مانایەکی دیکە هۆشیاری تاک لەناو پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا گەشە دەکات و بەرئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتییە.

سەبارەت بە کۆمەڵگا لە گشتیترین ئاستدا، مید دەستەواژەی کۆمەڵگا بەو مانایە بەکاردەهێنێت، کە پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە و پێش هزر و خود دەکەوێت. هەربۆیە بۆ مید کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ئاشکرا گرنگی سەرەکی هەیە. لە ئاستێکی تردا کۆمەڵگا بۆ مید نوێنەرایەتی کۆمەڵێک وەڵامی ڕێکخراو دەکات، کە تاک لە شێوەی منی کۆمەڵایەتیدا دەستی بەسەردا دەگرێت. مید تا ڕادەیەک زۆر کەم دەربارەی کۆمەڵگا دواوە، سەرەڕای ئەوەی لە سیستمە تیۆرییەکەی دا گرنگی پێداوە و باسی لە کاریگەرییەکەی لەسەر خود و هزر کردووە (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 367).

سەبارەت بە گرنگی تاکیش لە کۆمەڵگادا مید دەڵێت: "تۆ ناتوانیت کۆمەڵگایەک لە توخمانێک دروست بکەیت، کە لە دەرەوەی پڕۆسەی ژیانی تاکەکانن. تۆ دەبێت جۆرێک لە هاوکاری دابین بکەیت، کە تاکەکان خۆیان چالاکانە بەشداری لەو هاوکارییەدا بکەن، وەک تاکە بنەمای گونجاو بۆ بەشداریکردنی لە پەیوەندی نێوان تاکەکاندا" (Mead, 2015: 257). هەروەها لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا مید هەندێک بۆچوونی هەیە، ئەو بە شێوەیەکی فراوان دامەزراوەیەک وەک "وەڵامی هاوبەش لە کۆمەڵگا" یان "نەریتی ژیانی کۆمەڵگا" پێناسە دەکات و دەڵێت: "تەواوی کۆمەڵگا لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی سەربەخۆ دەکەن. لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا وەڵامێکی هاوشێوە لە لایەن هەموو کۆمەڵگاوە هەیە. ئێمە بەمە دەڵێین پێکهێنانی دامەزراوە". هەروەها ئێمە ئەم کۆمەڵە هەڵوێستە ڕێکخراوە لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین، پاشان بەزۆری لە ڕێگەی منی کۆمەڵایەتییەوە خزمەت بە کۆنترۆڵکردنی کردارەکانمان دەکەن. مید بە وریاییەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە دامەزراوەکان پێویست ناکات ژیانی سەربەخۆیی تاک تێکبدەن یان داهێنان لەناوبەرن (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 378).

مید دان بەوەدا دەنێت، کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە زۆر سەرکوتکەر و کۆنەپەرپارێز و کۆنەپەرستەکانی، کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بە نموونە کڵێسا، کە بەهۆی نەبوونی پێشکەوتن و نەگۆڕییانەوە تاکایەتی دەچەوسێننەوە یان دەیسڕنەوە (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 368). لەگەڵ ئەوە ئەوەشدا لە گرنگی هەندێک ڕەهەندی دیکەی ئایینی کەمناکاتەوە، بۆیە لەوبارەیەوە دەڵێت: "لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەندێک شێوەی گەردوونی سەریان هەڵداوە، کە لە ئایینە جیهانییەکان و هەروەها لە پڕۆسەی ئابووری جیهانیدا گوازرشت لە خۆیان دەکەن و دەردەکەون. ئەو دەرکەوتەکانەش لە حاڵەتی ئاییندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە بنچینەییانەی مرۆڤ، کە بەرانبەر یەکدی هەیانە وەک میهرەبانی، یارمەتیدان و هاوکاریکرن. ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەدا بەرچاو دەکەون و بەگشتیش لە هەموو ئایینە جیهانییەکاندا بەدی دەکرێت" (Mead, 2015: 288).

سەبارەت بە خود بە بۆچوونی مید کاتێک مرۆڤەکان بتوانن بکەرەکانی دیکە بە ناسینێکی سیمبولی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بناسن، ئەوا دەشتوانن بە گوزارشتێکی سیمبولیانە گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن. هەروەها دەکرێت شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئاماژەکانی ڕۆڵگێڕان ئاسان بکرێت لەمیانەی کارلێک و هاوکاری یەکدی نێوان تاکەکانەوە، ئەنجامی کارلێکەکانیش وەک بنەمایەک کاردەکات بۆ پێوانەو هەڵسەنگاندنی خود ( زێباری، ٢٠١٧ :٩٠). بە واتایەکی دیکە تاکەکان لە ڕێگەی کارلێکی سیمبولیەوە ناسنامەی خودیی خۆیان دیاری دەکەن. خود جۆرێک لە پڕۆسەیە، کە بە یارمەتی ئەو پڕۆسەیە بکەرەکان خودی خۆیان وەک بابەتێکی دەرەکی دەبینن و بیری لێدەکەنەوە و قسەی لەسەر دەکەن، لەو ڕێگایەوە خود هەم وەک ناسێنەر هەم وەک ناسراو دەردەکەوێت (دیلانی، ٢٠١٧: ٥٣٥). واتە پڕۆسەی خودی بەشێکی ئاگامەندانە و هۆشیارانەیە، بەو پێیەی توانای ناسینی شتەکانی هەیە. لەبەرئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی خود، سروشتی دوو ڕەهەندییەتی، جیا لە بونەوەرەکانی دیکە مرۆڤ سەبارەت بە خۆی قسەدەکات و بۆخۆشی دەگەڕێتەوە. واتا هەم داوەرن و هەم داوەریان بەرانبەر دەکرێت (ئەدیبی، و ئەنساری، ٢٠٢٤: ٢٨٧).

دوو بەشەکەی خودیش یەکەم، (منی بکەر): خودی تایبەت یاخود نا کۆمەڵایەتییە، منێکی خۆبزوێن و ناکۆمەڵگاییە، لایەنی هەڵخەڵەتێنەری خود و بکەری کردارەکانیەتی (دیلانی، ٢٠١٧: ٥٣٧). منی بکەر وەڵامی دەستبەجێی تاکە بۆ کەسانی دیکە. هەروەها لایەنی بێ ئەندازە پێشبینی نەکراو و داهێنەرانەی خودە. خەڵکی پێشوەخت لەبارەی کرداری منی بکەرەوە زانیاریان نییە و نازانن کردارەکانی چۆن دەبێت (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 366). سادەترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن و ناسینی منی بکەر ئەو کاتەیە، کە گوزارشت لە خۆی دەکات یان یادی خۆی دەکاتەوە، بۆ نموونە دەڵێت: "من قسە بۆخۆم دەکەم، من بیرمە چیم وت، لەوانەیە وتنەکەشی ناوەڕۆکێکی سۆزداری لەگەڵدا بێت" (Mead, 2015: 174). واتە ئێمە منی بکەر لەڕێگەی یادەوەری خۆدەرەبڕینەوە دەناسین.

مید جەختێکی زۆر لەسەر منی بکەر دەکاتەوە لەبەر چوار هۆکار. یەکەم، سەرچاوەیەکی سەرەکی نوێیە لە پڕۆسەی کۆمەڵایەتیدا. دووەم، مید باوەڕی وایە کە گرنگترین بەهاکانمان لە منی بکەردا جێگیر دەبن. سێیەم، منی بکەر شتێک پێکدەهێنێت کە هەمووەمان بەدوایدا وێڵین، کە ئەویش پەیپێبردنی خودە. ئەوە منی بکەرە، کە ڕێگەمان پێدەدات "کەسایەتی دیاریکراو"مان گەشە پێبدەین. کۆتا خاڵ، مید

پرۆسەیەکی پەرەسەندن لە مێژوودا دەبینێت، کە تێیدا خەڵک لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا زیاتر منی کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەریاندا، لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا پێکهاتەیەکی گەورەتر منی بکەر بوونی هەیە ( Ritzer, G., & Stepnisky, 2013: 366). هەروەها منی بکەری ساتی ئێستا لە منی کۆمەڵایەتی ساتی داهاتوودا ئامادەیی هەیە (Mead, 2015: 174). دەکرێت ئەم منی بکەرە خەڵەتێنەرە ناپێشبینیکراوە دیوێکی ئەرێنی و داهێنەرانەی هەبێت، یاخود دیوێکی نەرێنی و کێشەداریشی بۆ کۆمەڵگا هەبێت.

دووەم، (منی کۆمەڵایەتی): هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگای کرداری تاک لەگەڵ تاکەکانی دیکە و بە دەروونیکردنی ڕەفتاری جۆراوجۆری خەڵکی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت و گەشە دەکات. منی کۆمەڵایەتی بەشێک لە خودی تاکە، کە وەک بابەتی کردار بیروبۆچونی کەسانی دیکە و هەروەها وەک و بابەتی بۆچوونی تاک سەبارەت بە خودی خۆی شێوەدەگرێت  منی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک هەڵوێستی ڕێکخراوی ئەوانی دیکەیە، کە مرۆڤ خۆی لێیانی وەردەگرێت و هەڵوێستی ئەوانی دیکەی منی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی ڕێکخراو دەچەسپێنێت (Mead, 2015: 175). بە واتایەکی دیکە "من" لەخۆگرتنی ئەوی دیکەی گشتگیرە بە پێچەوانەی منی بکەر، خەڵکی هۆشیارن سەبارەت بە منی کۆمەڵایەتی، ئەم منە بەرپرسیارێتی هۆشیارانە لەخۆ دەگرێت. وەک مید دەڵێت: "منی کۆمەڵایەتی تاکێکی ئاسایی و خووییە" ( Ritzer, G., & Stepnisky, 2013: 367). لە کۆتایدا هەردوو لایەنی خود وەک بەشێک لە پرۆسەی خۆنرخاندن و خۆناسین و خۆ ناسێنەری تاک هەژمار دەکرێن، خودی تاک بەرهەمی گفتوگۆ و وتووێژی نێوانیانە (دیلانی، ٢٠١٧: ٥٣٧). لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت منی کۆمەڵایەتی لەڕێگای بەرکەوتنی منی بکەرەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و شێوەکەی بگۆڕێت.

## بەشی دووەم
## گفتووگۆی ڕوانگەکان و ئەنجامی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ گفتووگۆی ڕوانگەکان:

سەبارەت بە ڕوانگەکانی ڤیبەر و لە کرداری هزری ئامرازیدا، کە بکەر پێشبینی ڕەفتاری بابەتەکانی ژینگەی دەرەکی دەکات، یاخود ڕەفتاری کەسانی دیکە دیاری دەکرێت لەلایەن بکەرەوە، دەکرێت نموونەی ئەو کەسایەتی و بانگخوازە ئاینییانە بهێنینەوە، جا چ سیاسی بن یان نا سیاسی، کە بە هۆشیاری و بە ئیرادەی خۆی سود لە ئاین وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پارە دەبینێت. ئەم جۆرە کردارە تەنها لە بەکارهێنانی ئاین وەک ئامرازدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەی، کە تێیدا بەهای مەعنەوی بۆ بەهای ماددی دەگۆڕدرێت. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هزرمەند دەتوانێت لە سیستەمەکانی بەهادا گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی بکات.

لە کرداری هزری بەهاییدا، کە مەبەستی کردار بەدەستهێنانی ئامانجێکی سەرەکی دیاریکراو نییە لای بکەری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەمیانەی بیروباوەڕێکی دیاریکراو بەدەست دێت. یاخود لەپێناو دڵسۆزیدایە بۆ بیرۆکەیەک، دەکرێت جیهاد کردن لە پێناوی خوا، یان خەرجکردنی پارە بە شێوازێکی هزری و ئاگامەندانە بۆ خزمەتی بەهای ئاینی و لە پێناوی خوادا بە نموونە بهێنینەوە.

گرنگی ئەم پۆلێنکردنەی جۆرەکانی کردار لەوەدایە، کە دەرخەری شێوە جیاوازەکانی پەیوەندی نێوان باوەڕ و کردارە. لە ئاستێکی قووڵتریشدا  ئاماژە بە جۆراوجۆریی پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەکات، کە دەتوانرێت هەم لە ئاستی تاکەکەسیدا و هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا شیکار بکرێت. ئەم دووجۆرەی کردار لەو خاڵەدا، کە بنەمایەکی هزری لە پشت ئەنجامدانی کردارەکەوەن لەیەکدییەوە نزیکن، خاڵی سەرەکی جیاوازیشیان ئەوەیە کە بەهاکان زیاتر بنەمایەکی مەعنەویان هەیە و ئامرازەکانیش زیاتر ماددین.

لە دووجۆری کۆتایی کرداردا لای ڤیبەر خاڵی سەرەکی هاوبەشیان ئەوەیە، کە کردارەکە ناهزری یاخود نائاگامەندانەن، چونکە کرداری سۆزداری لەسەر بنەمای حاڵەتی هەستی تایبەت دروست بووە و کردارەکە لە حاڵەتێکی هەڵچوونی سۆزدارییەوە سەرچاوە دەگرێت. دەکرێت کەسێک، کە ئامانجی خزمەتکردن بە ئاین و خوا نییە، بڕواشی بە بەها ئاینییەکان نییە، بەڵام بەهۆی سۆزو هەڵچوونی سۆزدارییەوە بۆ کەسێک یان کەسانێکەوە پارەکانی لە پرۆسەیەکدا خەرج بکات، کە خزمەت بە بەها ئاینییەکان دەکات، بە پێچەوانەشەوە کەسی پابەند بە ئاین بەهۆی سۆز و خۆشەویستییەوە بۆ کەسێک یان گرووپێک پارەکانی لە پرۆسەیەکی نا ئاینی یان پێچەوانەی ئایندا خەرج دەکات بە نموونەی بهێنینەوە.

ئەم جۆرەی کردار نیشاندەر درووستکردنی دۆخێی ئاڵۆز و سەختی دەروونی کۆمەڵایەتییە لە نێوان خۆشەویستی تایبەتی و پابەندی گشتی. لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ململانێ لە کۆمەڵگە ئاینییەکاندا، چونکە تاک بەردەوام ناچار دەبێت لە نێوان هەڵبژاردنی نالۆجیکی و هەڵبژاردنی لۆجیکیدا بڕیار بدات.

لە کرداری نەریتیدا، کە کردارە لە داب و نەریتەوە سەر هەڵدەدات و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە شتێکی ئاسایی و جێگیر بۆ مرۆڤ، هەروەها ئەم جۆرە کردارە نا ئیرادییە. دەکرێت ئەو کوڕەی تازە هاوسەرگیری دەکات و بڕوای بە ئاین نییە، بەڵام بەهۆی داب و نەریتەوە ناچارە پارە لە مارەکردنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا خەرج بکات، کە لە لایەن پیاوێکی ئاینییەوە ئەنجام دەدرێت. یاخود پارە لە ڕێوڕەسمی وەفاتی کەسێکی ئازیزیدا، لە مزگەوت و قورئان خوێندا خەرج بکات بە نموونە بهێنینەوە.

کرداری نەریتی لە ڕاستیدا پیشاندەری بەهێزترین شێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، چونکە لە ڕێگەی ناهۆشیارییەوە کار دەکات و بکەر هەست بەوە ناکات، کە دژ بە ویستی خۆی کار دەکات. ئەمەش شیکردنەوەی قووڵتری پێویستە لەسەر ڕۆڵی کولتوور و چۆنییەتی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئابووری.

بۆ لابردنی ناڕوونی لەسەر ئەو خاڵەی کۆتایی پێویستە بوترێت نەریتی ئاینی ڕاستی کۆمەڵایەتییە (Social Fact) و بەشێکەی گرنگە لە کولتووری کۆمەڵگا، چونکە ئەوەی ڕاستی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت بیروباوەڕ، مەیل و کرداری گرووپەکانە، کە بە کۆمەڵ وەرگیراون و دەتوانرێت لە ڕێگەی هێزی زۆرەملێی دەرەکییەوە بناسرێتەوە، کە بەسەر تاکەکاندا دەیسەپێنێت (Durkheim1895: 54-56). لەبەرئەوەی ڕاستی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی ناچارکردنی هەیە لەسەر تاک، واتە تاک پێیوایە دەبێت بە خواستی ڕاستییەکە مامەڵە بکات، ئەگەرنا دووچاری پاڵەپەستۆی جیاواز دەبێت لەلایەن گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە ئاینی و فەرمییەکانی وەک یاسا و دەوڵەت، کە بەشێکی یاساکانیش لە نەریت و بیروباوەڕی ئاینییەوە وەرگیراوە. هەندێک کاتیش تاک هەست بەو ناچارییە ناکات، چونکە ڕاستیەکە بووە بە بەشێک لە هزری خۆی (خەمەش، ٢٠١٢: ٦١).

کەواتە چەمکی ڕاستی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی کارکردنی بەهای پارە لە ژینگەیەکی ئاینیدا. ڕاستی کۆمەڵایەتی بەو مانایە نا، کە تاک هیچ ئازادییەکی لە هەڵبژاردندا نییە، بەڵکو بەو مانایە دێت، کە ئازادی تاک لە چوارچێوەیەکی

پێشبینیکراودا بەلەبەرچاوگرتنی نۆرم و بەها ئاینییەکان پەیڕەوی لێدەکرێت. لەم بارەوە بەهای پارە خۆی وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێت، کە دەتوانێت هاوسەنگیی لەگەڵ بەهای ئاینیدا بپارێزێت یان تێکی بدات. تا ئێرە تایبەت بوو بە ڕوانگە تیۆریەکانی ڤێبەر.

بۆ زیاتر شیکردنەو و ڕونکردنەوەی کاریگەری و ڕۆڵی کولتوور لە کرداری کۆمەڵایەتیدا نزیک لە ڤێبەر لای پارسۆنز وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، بە نزیکەیی دابەشکارییەکەی درێژکراوەی چوار جۆرەکەی کرداری ڤێبەرە، بەڵام وەک کۆمەڵناسانی دواتر دەڵێن سودی لە (سیگمۆند فرۆید)یش وەرگرتوە، بەتایبەت لە ڕۆڵی منی باڵا لە ناچالاککردن و کۆنترۆڵکردنی سیستمی کەسایەتیدا (Ritzer, & Stepnisky, 2013: 33). لای فرۆید پێکهاتەی کەسێتی تاک لە سێ توخمی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش (ئەو Id، من Ego، منی باڵاSuper Ego)یە (ئیستۆپ، ٢٠١٩: ٤٢٧).

منی باڵاش ئەگەر نەتوانین بڵێین تەواو هاومانای کۆویژدان Collective Conscience)ی (دۆرکهایم)ە ئەوا دەتوانین بڵێین زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانیان هاوشێوەیە، چونکە ئەم چەمکە ڕاستە تاک دەستی لە بەرهەمهێنانیدا هەیە، بەڵام دواجار چووەتە دەرەوەی تاک و وەک سیستمێک لە سیستمی ڕەفتاری، بەهایی، ئەخلاقی ویژدانی هێزی خۆی بەسەر تاکدا دەسەپێنێت (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٢٥٦-٢٥٩).

ئەم یەکگرتنەوەیەیەی ڕوانگەکان زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئایین و پارە، چونکە ئەوەمان پیشان دەدات، کە چۆن هەردوو بەهاکە لە ئاستی نا ئاگاییدا ڕەنگدانەوەی لەسەر کرداری تاک هەیە. منی باڵا وەک نوێنەری بەهای ئایینی و کۆویژدانی کۆمەڵایەتی کار دەکات، لەکاتێکدا منی بکەر، کە لای مید ئاماژەی پێکراوە و دواتریش زیاتر ڕووندەکرێتەوە، لە هەندێک دۆخدا لە بەهای ماددی و تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەوە نزیکە. ئەم دووانەیەی کەسایەتیش بنەمای ململانێی دەروونی لای تاک دروست دەکات.

هەربۆیە پارسۆنز بۆ زیاتر جیاوازی لە نێوان کرداری کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاکدا پێیوایە تەواوی کردارەکان ڕەفتاریشن، بەڵام تەواوی ڕەفتارەکان کردار نین. هەروەک لە پۆلێنکردنەکانیشیدا ڕوونکرایەوە، کردار بە پێچەوانەی ڕەفتارەوە خۆویستانەیە و تاک لە ئەنجامدانیدا توانای هەڵبژاردنی هەیە. واتە دەکرێت تاک لە ڕەفتاردا دەستی لە هەڵبژاردنی ڕەفتارەکەدا نەبێت، بەڵام لە کرداردا تاک بکەرە و دەستی لە هەڵبژاردنی جۆری کردارەکەدا هەیە (ئەدیبی، و ئەنساری، ٢٠٢٤: ١٢٣).

لە کۆتاییدا هەردوو دۆخی ئاڕاستەی پاڵنەر و باهاکاندا تاک لە شیکردنەوەکانیدا ڕێگایەک دەگرێتە بەر، کە خواستی سیستمی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە. واتە پاڵنەرە کەسییەکان بە شێوەیەکی ئایدیاڵی دەگونجێنێت لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی، هەر لەبەر ئەو پاساوەشە، کە سیستمی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەردەوام بێت (ئەدیبی، و ئەنساری، ٢٠٢٤: ١٢٢).

وەک ئەو تاکانەی بۆ پڕکردنەوەی پاڵنەرە کەسییەکانی پاساو لە بەها ئاینییەکان وەردەگرێت، کە خواستی سیستمی کۆمەڵایەتیشی لەسەرە. هەربۆیە کاتێک تاک کردارێک ئەنجام دەدات دەیبەستێتەوە بە ڕەزامەندی خواوە یان چاکە لە پێناوی خوادا یان هەوڵ دەدات بیبەستێتەوە بە ئایەتێک یاخود فەرموودەیەکی پەیامبەرەوە، بەو هۆیەشەوە دامەزراوە یان سیستمی ئایینی لەناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە گرنگترین خاڵەکان بۆ تێگەیشتن لە کردار، چونکە ئەوە دەردەخات، کە تاک چۆن لە هەمان کاتدا هەم بکەری سەربەخۆیە و هەم بەشێکە لە سیستمێکی گەورەتر. هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە بۆچی کاتێک بەهای پارە لەگەڵ بەهای ئاینیدا یەک ناگرێتەوە، ململانێیەکی قورس لە ناخی تاکدا دروست دەبێت.

هەروەها لای ڕوانگەکانی (پاریتۆ)ش ئەوەمان بەدی کرد، کە لێوەرگیراوەکان ڕۆڵی پاساو هێنانەوەی هزری دەبینن بۆ کرداری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی تاک، بەجۆرێک پاڵپشتی و ڕەوایەتی دەدەن بە کردارەکە و هەوڵ دەدەن لەگەڵ ڕاستی جیهانی دەرەکیدا بیگونجێنن (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٧٠). واتە لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتی و یاسا و ڕێساکانی، کە کۆمەڵگا لەسەری دەڕوات و بڕوای پێیەتی. ئەمەش دەرخەری پەیوەندی لایەنی دەرەکی و کولتوورییە لەگەڵ لایەنی ناوەکی و کەسی. ڕوانگەی پاریتۆ زۆر گرنگە، چونکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە مرۆڤ بۆ هەموو کردارەکانی پاساوی هزری دەدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو پاساوانە لەگەڵ ڕاستی کۆمەڵایەتی یاخود چاوەڕوانی زۆرینەدا نەگونجێن. لەم چوارچێوەیەدا دەبینین، کە چۆن بەکارهێنانی پارە لە کاروباری ئاینیدا، یان بەکارهێنانی ئایین لە کاروباری ئابووریدا زۆربەی کات بە پاساوی فیقهی یان ئەخلاقی پشتگیری دەکرێت.

وەک ئاماژەشی پێکرا دەکرێت لێوەرگیراوەکان وەک بەرئەنجامێکی لاوەکی چالاکی مرۆیی لەو خواستەوە سەرچاوە بگرێت، کە پێداگری لەسەر بەخشینی ڕاڤەکارییەکی لۆجیکی دەکات سەبارەت بە ڕەفتار، چونکە وەک لای (پارسۆنز)یش ڕوونکرایەوە ڕەفتار ڕەگ و ڕیشەیان لە سروشتی مرۆڤدایە، بۆیە بە ئاسانی بە هۆکاری دەرەکی یان پرۆسەی هزری ناگۆڕدرێن. هەروەها بنەماکانی ڕەفتاری نالۆجیکی یان نیشتووەکان پەیوەندییان بەو بارودۆخانەوە هەیە، کە مرۆڤ تێیدا دەژی و لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا پاساوەکانیش دەگۆڕێت. واتە بە پێی گۆڕینی بارودۆخەکان پاساو و بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەنجامدانی کردارەکان، کە دەبن بە لێوارگیراوەکان بۆ نیشتووەکان دەگۆڕێن.

بۆ نموونە لە ئێستادا بانکە ئیسلامییەکان ڕێگەچارەی شەرعی نوێ دەهێننەوە بۆ پێدانی قەرز بە موسوڵمانان بۆ کڕینی پێداویستییەکانی وەک خانوو، ئۆتۆمبێل، کەلوپەلی ناوماڵ، لەبەرئەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وای کردووە موسوڵمانانیش پێویستیان بە قەرزی بانکی هەبێت و بۆ دورکەوتنەوەش لە حەرامی قەرزەکە و نەبوونی بە (ڕیبا و سو) هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی دەڵێن ئەگەر ڕاستەوخۆ پارەکە وەرنەگیرێت، بەڵکو بانکەکە کاڵاکە بکڕێت و هاوڵاتیەکەش پارەکە بەزیادەوە بداتەوە بە خاوەن بانکەکە ئەوکاتە ئەو زیادەیە نابێت بە (ڕیبا و سو) لەبەر ئەوەی پارە لەبەرانبەر پارەدا نەبووە، بەڵکو لەبەرانبەر کاڵادا بووە.

ئەو نموونەیە پیشاندەری ئەوەیە، کە سیستمی ئایینی ناتوانێت بە تەواوەتی لە سیستمی ئابووری جیا بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕێگەی خۆگونجاندن لەگەڵ سیستمی ئابووری و سیستمەکانی دیکەی کۆمەڵگاشدا بدۆزێتەوە. ئەم پرۆسەیە خۆی لەخۆیدا شتێکی نەرێنی نییە، بەڵکو پیشاندەری ئەوەیە، کە چۆن سیستمەکان بە شێوەیەکی دیالێکتیکی کاریگەریان لەسەر یەکدی هەیە.

وەک زانیمان نیشتووەکانیش وەک ڕەمەکی مرۆڤ کاردەکەن، لەبەر ئەوە مرۆڤ کاتێک کردارێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات و لەو میانەیەوە ڕەمەک یان ئارەزوویەک تێر دەکات. ئەگەر تێرکردنی ڕەمەکەکە زۆر لە چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی یاخود کولتووری کۆمەڵگاوە دوور بێت دواتر کەسەکە هەست بە شڵەژانی دەروونی و گوناە دەکات بەهۆی لۆمەکردنەکانی منی باڵا یاخود منی کۆمەڵایەتی یاخود کۆویژدانی ئایینییەوە، بەتایبەت ئەگەر بکەرەکە نەتوانێت پاساوێکی لۆجیکی یاخود لێوەرگیراوێکی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە لەو دۆخەدا بکەرەکە وادەزانێت تاوانێکی بەرانبەر بە کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی دیکە یان بەهایەکی ئایینی ئەنجام داوە.

کەواتە منی باڵا یاخود منی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی منی بکەر، کە لە ڕوانگەکانی (مید)دا ئاماژەی پێکرا، یاخود پێچەوانەی ڕەمەکی سروشتی کار دەکات، چونکە منی باڵا و کۆمەڵایەتی کاریان لە قاڵب دان و ئاراستەکردنی وزەی مرۆڤە لە ناو کۆمەڵگادا بە مەبەستی بەردەوامیدان بە ئەرکە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە، بەڵام ئەگەر ئەو لە قاڵبدانە بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان نەبوو ئەوا ململانێی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و وردە کولتوورەکانی لێدەکەوێتەوە. وەک ئەوەی هەندێک کات دەیبینین کەسێکی ئایینی بە پشت بەستن بە دەقێک، یاسایەک، ڕێنماییەکی ئایینەکەی ڕەفتارێک بۆ تێرکردنی ڕەمەکانی ئەنجام دەدات، بەڵام کاردانەوەی توندی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت. بە نموونە ژنهێنانی دووەم و سێیەمی ئیسلامییە سیاسییەکان، بە پشت بەستن بە حەڵاڵی هێنانی چوار ژن لە ئیسلامدا، توشی کاردانەوەی توند دەبن، چونکە ڕاستە لەگەڵ چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی ئایینەکەدا یەک دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ چاوەڕوانی هەنووکەی کۆمەڵایەتی کۆی کۆمەڵگادا یەک ناگرێتەوە، چونکە بەهۆی نەگونجانی باری دارایی زۆربەی گەنجانی ئێستاوە نەک ناتوانن دوو ژن بهێنن، بەڵکو ناتوانن یەک جاریش لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆیاندا هاوسەرگیری بکەن. لەو نموونەیەشدا هێزی بەهای پارەمان لە ڕێخستنی پڕۆسە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیدا بۆ دەردەکەوێت، واتە تەنها بە یاسا ئایینیەکان و بە بێ بوونی پارە پڕۆسەکە کامڵ نابێت و ئەنجام نادرێت.

نموونەیەکی دیکەی پەیوەست بە ئایین و پارەوە، لە ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٤) هەندێک کۆمپانیاکانی (حەج و عەمرە) جۆرێک لە ڤیزایان بەکارهێنابوو بۆ بردنی هاوڵاتیان بۆ حەج، کە لەگەڵ ڕێنماییەکانی وڵاتی سعودییەدا بۆ ئەنجامدانی مەڕاسیمی حەج نەدەگوونجا، ئەوەبوو ئەو هاوڵاتییانە نەیانتوانی مەراسیمی حەج بەجێبهێن، هەندێکیشیان بێسەرووشوێن بوون و مردن. ئەمە بەرئەنجامی ئەو منە بکەرەیە، کە کردارەکانی پێشبینینەکراو و خەڵەتێنەرن، ئەو منە کۆمەڵایەتییانەیان خەڵەتاندبوو، کە نیازیان بوو پەیڕەوی فەریزەیەکی تایبەت بە ئایینەکەیان بکەن وەک گوێڕایەڵییەک بۆ بەها ئایینییەکانیان. ئەوەی لە نێوانی ئەو دوو خودەشدا زیانی بەردەکەوێت خودە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکەیە. ئەم منە کۆمەڵایەتییە بەهۆی پابەندی زۆری بە نۆرمە و بەها ئایینییەکانیەوە چەند جاری دیکە دەکرێت لەلایەن منی بکەرەوە بخەڵەتێنرێت، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە جارێکی دیکە کۆمپانیاکان بەناوی ئەنجامدانی عەمرەوە هاوڵاتیانیان هەڵخەڵەتاند و خستیاننە دۆخێکەوە، کە چاوەڕووانی نەبوون. لە کۆتاییدا خودی بکەرەکە سودی لە بەهای ئایینی بینیوە بۆ دەستخستنی پارە و خودە کۆمەڵایەتییەکەش ئەم پارەکەیان لەدەست چووە هەم بەها ئایینەیەکە، چونکە نەیان توانیوە پڕۆسەکە بەئەنجام بگەیەنن.

ئەم نموونەیەی کۆتاییش پیشاندەری ئەو خاڵەیە، کە چۆن ململانێی نێوان جۆرەکانی خود دەتوانێت لە ڕاستیدا بکەوێتە قازانجی منی بکەری ئابووری و ببێتە مایەی زەرەری خودی کۆمەڵایەتی. ئەمە وانەیەکی گرنگە لەسەر ئەوەی، کە چۆن ڕێکخراو و لایەن و بکەرە ئایینییەکان دەبێت کۆنترۆڵی زیاتریان هەبێت بەسەر ئەو چالاکییە ئابوورییانەی، کە پەیوەندیدارە بە ئایینەوە.

لەم شیکردنەوە فراوانەی ڕوانگە تیۆرییەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندی ئایین و پارە تەواو دژبەیەک یاخود لەگەڵ یەکدی ساز نین، بەڵکو پەیوەندییەکی ئاڵۆزی دیالێکتیکی و دوولایەنە لە نێوانیاندا هەیە، کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکاری دان و ململانێی لە نێوان سیستمەکانی بەهادا دروست دەکەن. هەریەکە لەو ڕوانگانەی، کە باس کران لە ڕووی جیاوازەوە ئەو پەیوەندییەیان ڕوونکردۆتەوە. ڤێبەر ئەوەی شیکردۆتەوە، کە کردار بەپێی پاڵنەری بکەر دەگۆڕێت، پارسۆنز گرنگی سیستمی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر ڕەفتاری تاک و کرداری کۆمەڵایەتیدا ڕوونکردۆتەوە، پاریتۆ ئەوەی دەرخستووە، کە چۆن لێوەرگیراوەکان بۆ پاساودانی کردار بەکاردێن، لای (میدی)ش بە بەریەککەوتنی جۆرەکانی خود لە کرداری کۆمەڵایەتیدا یارمەتی تێگەیشتن لە ململانێی نێوان بەهاکان دەدات. هەموو ئەو ڕوانگانە پێکەوە وێنەیەکی تەواومان دەدەنێ سەبارەت بە ئاڵۆزی پەیوەندییەکە.

**دووەم/ ئەنجام:**

کرداری کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی کاریگەری زیاد لە هۆکار و پاڵنەر و بارودۆخێکە، لە بەر ئەوە کردارەکانی مرۆڤ، کە پەیوەستن بە بەهای ئایینی و بەهای پارەوە لە جوڵەدان و جێگیر نین و بەپێی هۆکار و پاڵنەری زاڵ لەو کاتەدا، کە بکەر کردارەکە ئەنجام دەدات دەگۆڕێت. ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو نموونە کردارییانەی لە بەشی گفتووگۆی ڕوانگەکاندا هاتوون. واتە مەرج نییە کرداری کەسەکان لە هەموو بارووދۆخ و لە هەموو کردارەکانیاندا تەنها یەک جۆر لە بەها ڕەنگ بداتەوە و بەنەگۆڕێش بمێنێتەوە، بەڵکو دەکرێت لە یەک کرداردا هەردوو بەهاکە هاوتەریبی یەکدی کاربەکەن یاخود دژبەیەک بن، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەندێک کات دەکرێت پاساو یان ئەو چاوەڕوانییەی لە ئایینەوە ئەیخوازین بۆ بەدەست هێنانی پارە لەگەڵ واقع خۆبەخۆ یەک بگرێتەوە و ئاگامەندانە یان لۆجیکانە دەربکەوێت و هەندێک کاتیش نا ئاگامندانە و نا لۆجیکی و دژ بە بەهای ئایینیش دەربکەوێت.

هۆکارە بنەڕەتییەکانی ململانێی بەهاکان و ئەو دژبەیەکییە بەردەوامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە زۆرەی، کە لە نێوان ڕەمەکی سرووشتی مرۆڤ و داخوازی کۆمەڵایەتی و نۆرم و بەها کولتوورییەکاندا هەیە، کە بەشێکی سەرەکی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئایینی باڵادەستی کۆمەڵگاوە سەرچاوەدەگرن. ئەو بۆشاییە بەتەنها نابێتە هۆی ململانێکە، بەڵکو هەڵسووڕێنەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانیشە. کاتێک ئەم بۆشاییە گەورە دەبێت، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بنەڕەتی دەبێتەوە، کە ڕەنگە بگاتە ئاستی بەریەکەوتنی توندی بەهاکان یان نوێبوونەوەی سیستمی بەها باوەکان.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئەو دژبەیەکییە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی بەهای پارە لەبەرانبەر بەهای ئایینیدا، کە دەبێتە هۆی چەواشەکردنی هەندێک کەس لە لایەن بکەرە کۆمەڵایەتییە-ئایینییەکانەوە، چونکە هێزی بەهای پارە هاوشێوەی بەهای ئایینی ڕۆڵی هەیە لە کرداری کۆمەڵایەتی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤدا. کەواتە ئاسانە بۆ کەسێکی پارەدار، کە توانای پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی هەیە ڕەزامەند بێت بە بەهای سوپاسگوزاری خوا، بەڵام بۆ کەسێک کە ئەو توانایەی نییە ئاسان نابێت. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چونکە ئەوە دەردەخات، کە بڕوا بە بەهای ئایینی تەنها بەرهەمی هزر و ویژدان نییە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی ماددی کەسەکەشەوە هەیە.

ئەوەش دەرئەنجامێکی دیکەمان دەداتێ، بۆ کەسێکی بڕوادار بە بەهای ئایینی بەهای پارە هێزێکی دەداتێ، کە هەمان ئەو هەستەی پێ دەبەخشێت، کە خوا دەیداتێ. بۆیە دەکرێت بڵێن هێزی پارەکە بۆ کەسی بڕوادار بڕواکەی بەهێزتر دەکات و بۆ کەسێکیش بڕوای بە زانست هەبێت بڕواکەی بە زانست بەهێزتر دەکات. ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە پارە تەنها ئامرازی ماددی نییە، بەڵکو دەتوانێت ببێتە هێزێکی مەعنەوی، کە ڕۆڵی هاوبەش لەگەڵ ئاییندا دەگێڕێت لە دڵنیایی و ئارامی بەخشین بە تاک.

ئەنجامی کۆتایی دەرخەری پەیوەندی دوولایەنە ئاڵووگۆڕکاری بەهاکانە لە نێوان تاک و کۆمەڵگا، واتە بەهای تاک دەبێتە بەشێک لە بەهای کۆمەڵگا و بە پێچەوانەشەوە، چونکە تاک و کۆمەڵگە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و تەواوکەری یەکدین، بە شێوازی

جیاوازی کاریگەریان لەسەر یەکدی هەیە، لێرەوە تاک لە ڕێگەی کردارەکانییەوە دەتوانێت گۆڕانکاری یان گونجان و ڕێکخستنەوەی نۆرم و بەهاکان لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدات. واتە هەر گۆڕانکارییەک لە ئاستی تاکدا ڕوودەدات کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەبێت و بە پێچەوانەشەوە. تاک و بکەری کۆمەڵایەتی هەم دەتوانن لە ڕێگەی بەهای پارەوە دەستکاری بەها ئایینییەکان بکەن هەم لەڕێگەی بەها ئایینییەکانەوە دەستکاری بەهای پارە بکەن، بە واتایەکی دیکە پارە ئەو هێزەی هەیە بەهای ئایینی درووست بکات یاخود توانای ئەوەی هەیە گەشەو بەردەوامی پێبدات، بە پێچەوانەوشەوە هێزی ئایین توانای ئەوەی هەیە کۆنترۆڵی پارە بکات و بە پێی ویستی خۆی ئاڵووگۆڕی پێ بکات.

کەواتە هیچکام لەم دوو بەهایە بە تەواوەتی بەسەر ئەوی دیکەیدا زاڵ نییە، بەڵکو هەردووکیان لە حاڵەتی هاوسەنگی دیالێکتیکی دان. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەنجامدانی هەر چارەسەرێکی کرداری بۆ ململانێکانی نێوانیان دەبێت ئەو هاوسەنگییە لەبەرچاو بگیرێت.

## لیستی سەرچاوەکان


ئەدیبی، دکتۆر حسێن و ئەنساری، دکتۆر عبدالمعبود، ٢٠٢٤، *تیۆرەکانی کۆمەڵناسی*، و. سوارە سەباح، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی فێربوون.

کوزەر، لویس، ٢٠٢٣، ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان، و. هەورامان فریق، چاپی دووەم، بەرگی سێیەم، سلێمانی: چاپخانەی پاندا.

دیلانی، تیم، ٢٠١٧، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، و. خالید شێخی، سەقز: چاپخانەی بیریار، ل. ٢٧٩.

خەمەش، د. مەجدەدین عومەر خەیری، ٢٠١٢، کۆمەڵناسی-بابەت و میتۆد، و. د. عبدالله خورشید، د. عبدالله اسماعیل و ئەوانی تر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

السماطوطی، د. نبیل، ٢٠٢٢، بونیاتنانی تیۆری لە کۆمەڵناسیدا، و. ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی فێربوون.

ئەبراش، ئیبراهیم، ٢٠١٣، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

کریب، ئیان، ٢٠٠٨، تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تا هابرماس، و. ڕێبین ڕەسول یئسماعیل، چاپی یەکەم، (ب.ش): چاپخانەی ڕوون

ئەلحەسەن، د. ئیحسان محەمەد، ٢٠١٨، ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، سلێمانی: ئەندێشە.

ئیستۆپ، ئانتۆنی، ٢٠١٩، نەست لە دەرونشیکاریی فرۆید و لاکان دا، و، وەلید عومەر، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند.

تیماشیف، نیقولا، ١٩٧٨. نظرية لعلم الاجتماع طبيعتها وتطورها، تر. الجوهري، محمد الحسيني، أخرون، الطبعة الخامسة، القاهيرة: دار المعارف.

Wilholt, T., 2020. On knowing what one does not know: Ignorance and the aims of research.

Neuman, W.L., 2014. Social research methods: Qualitative and quantitative approaches. 7th ed. Harlow: Pearson Education Limited.

Giddens, A., 2009. Sociology. Cambridge: Polity Press.

Weber, M., 1947. The theory of social and economic organization. Parsons, T., ed. and Parsons, A.M., trans. New York: Oxford University Press.

Ritzer, G. and Stepnisky, J., 2013. Sociological theory. 9th ed. New York: McGraw-Hill Education.

Royce, E.C., 2015. Classical social theory and modern society: Marx, Durkheim, Weber. Lanham: Rowman & Littlefield.

Durkheim, E., 1895. The rules of sociological method. Translated by W.D. Halls. 1st American ed. 1982. Introduction by Steven Lukes. New York: The Free Press.

Hier, S.P., ed., 2005. Contemporary sociological thought: Themes and theories. Toronto: Canadian Scholars' Press.

Parsons, T. and Shils, E., 1951. Toward a general theory of action. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Pareto, V., 1935. The mind and society (Trattato di Sociologia Generale). Translated by A. Bongiorno and A. Livingston. New York: Harcourt, Brace & Co.

Coser, L.A., 1971. Masters of sociological thought: Ideas in historical and social context. New York: Harcourt Brace Jovanovich.

Mead, G.H., 2015. Mind, self & society. Chicago: University of Chicago Press.